# هاووڵاتیان
# ستایشی پێشمەرگە دەکەن





# بنکەی زوورگەزراو خزمەتی پێشمەرگە دەکات

به درێژایی مێژووی خەبات و شۆڕشەکانی کورد، پێشمەرگە سمبولی بەرخۆدان و تۆمارکردنی سەروەرییەکانی نەتەوەیی کوردان بووە. ئەو هێزە خۆنەویستە هەردەم لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەیدا گیان لە سەر دەست بووە و گەلێك دوژمنی بە چۆکدا هێناوە. پێشمەرگە ئەو هێزە ڕەسەنەیە کە هەرگیز پەلاماری خاکی هیچ وڵاتێکی نەداوە و تەنیا لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری لە بندەستی و پاراستنی خاکی خۆیدا گیان لەسەر دەست بووە. لەم ڕۆژانەشدا کە تیرۆریستانی داعش سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیان بەزاند، ئەوە پێشمەرگە بوو کە جارێکی دی بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە سەنگەری لە چاوچنۆکان گرت و لووتبەرزی و خەون و پیلانە نەگریسەکانی تیرۆریستانی تێکشکاند. بۆیە هەموو هاونیشتمانییەك بە چاوی ڕێزەوە لەو هێزە نیشتمانییە دەڕوانن و بەردەوام ستایشیان دەکەن.



بنکەی زوورگەزراو لە ڕۆژی ئازادکردنی شارۆچکەی مەخموور کرایەوە، ئەو بنکەیە دەکەوێتە سەر بەرزاییەکانی زوورگەزراو ڕۆژانە خزمەتێکی زۆر بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکات. بیرۆکەی دامەزرانی ئەو بنکەیە لە لایەن (پێشرەو مەجید ئاغا) هاتە کایەوە، تا بتوانن لەو ڕێگەوە خزمەت بە پێشمەرگەکانی بەرەی پێشەوەی جەنگ بکەن. لەو بنکەیە ڕۆژانە ژەمەخواردنی ئێوارە بۆ نزیکەی (١٣٠٠) پێشمەرگە ئامادە دەکەن و ئاوی سارد و میوە و سەوزە و کەلوپەلی پزیشکی و فریاگوزاری سەرەتایی بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان دابیندەکەن. سەرپەرشتیاری ئەو پرۆژەیە (سەرباز مەجید ئاغا) تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «وەك ئەرکێکی نیشتمانی و هەستی نەتەوەییمان هەستاین بە کردنەوەی ئەو بنکەیە، تا لە نزیکەوە خزمەتێکی بچووك بە برا پێشمەرگانمان بکەین، چونکە ئەوان داکۆکی لە خاك و نیشتمانمان دەکەن، ئەرکە و پێویستە لەسەر هەمووشمان کە خزمەت بە کوردستان و داکۆکی لە خاکی خۆمان بکەین. ئێمە ڕۆژانە بۆ ژەمی ئێوارە، نزیکەی (١٣٠٠) جێ خواردن بۆ برایانی پێشەوەی سەنگەر ئامادە دەکەین، دواتر بۆیان دەنێرین، جگە لەوەش ڕۆژانە ئاوی ساردیان بۆئامادە دەکەین، تەنانەت کەلوپەلی پزیشکیشمان ناردووە، تا پێشمەرگەکان بتوانن سوودی لێوە وەربگرن کە بە پشتیوانی خوای گەورە هیوادارین پێویستیان پێی نەبێ و هەر لەشساغ و باش دەبن». ئەوەشی خستەڕوو کە هەماهەنگییان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن خزمەت بە پێشمەرگە قارمانەکانمان بکەن. گوتیشی: ئەو پرۆژەیە لەلایەن خاوەنی کۆمپانیاکانی (فالکۆن گروپ و ئیمپایەر وۆرلد) بەبێ بەرامبەر جێبەجێ کراوەو تا ئەو ڕەوشە بەم شێوەیە بێ، ئێمە بەردەوام دەبین لە کاری خۆمان و خزمەت بە کوردستان و پێشمەرگەش دەکەین».







# مامۆستایانی زانکۆ هاوهەڵوێستن لەگەڵ پێشمەرگە



مامۆستایانی زانکۆ هەڵوێست و دڵیان لەلای پێشمەرگەیە و ئەوان رۆژانە ئاگاداری هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگەن، تەنانەت قسە و باسی خۆیان هەیە لەسەر پێشمەرگە و ستایشی ئەرك پیرۆزیان دەكەن.

دكتۆر یاسین رەشید گۆران، كە خۆی پێشمەرگەیەكی دێرینە و ئێستا سەرۆكی بەشی بایلۆجی كۆلێژی زانستە لە زانكۆی سەلاحەدین، بەمجۆرە باسی جوامێری پێشمەرگە دەكات: «لە ساڵەكانی حەفتاكان هاتمە ریزی پێشمەرگەی سەربەرزی پارتی لە شاری بەغدا و بە دروشمی (كوردستان یان نەمان)پەروەردەكرام. ئێستاش وەكو مامۆستایەكی زانكۆ لەم رۆژانەی كە هێرشی نارەوای دەوڵەتی نائیسلامی داعش لەسەر كوردستان بەردەوامە، ئامادەم خۆم فیدای كوردستان بەكەم و ئامادەشم بچمە بەرەكانی جەنگ. (هەركوردین وهەر كورد ئەبین) . ئەم وتە جوانە هیوامە و لە ناو دڵی هەموومان وەك نەمامێك ریشەی داكوتاوە. ئەركی ئێمەش وەكو مامۆستا ئەوەیە دەبێ ئەم هەستە لە ناخی قوتابییان دروست بكەین، ئەمەش بە جۆرێك لە تێكۆشان هەژمار دەكرێ. لە كۆتاییدا سەری رێز ونەوازش بۆ هەموو پێشمەرگەكانی كوردستان دادەنوێنم كە ئێستا بەرگری لە خاكی كوردستان دەكەن، هەر وەها ئەو پێشمەرگانەی كە بە هۆی هەڵكشانی كاتژمێرەكانی ژیان توانای جەنگیان نەماوە، بەڵام بە رۆح و بە زمانەوە پشتگیری و هاوكاری پێشمەرگەكانی سەنگەر دەكەن.

دكتۆر یاسین هیوای چاكبوونەوەی رەوشەكەو گەڕانەوەی پێشمەرگەكانی بۆ ناو خێزانی خۆیان و سەركەوتنیانی خواست و گوتیشی: «دەستخۆشی لە هەر تاكە پێشمەرگەیەكی پاڵەوان دەكەم و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هەر پێشمەرگەیەكی شەهید دەكەم كە ژیانی لە بەرەكانی جەنگ بە خودای گەورە راسپاردەوە. شەهیدان نامرن، تا هەتایە لە دڵی هەر كوردپەروەرێكدا دەژین، وەك هەر گوڵاڵە سوورێك كە لە بەهاری كوردستان و لە هەر بەرە بەیانییەك لە ناوباوەشی خاكی كوردستان دەپشكوێت».



دكتۆر حەبیب كەركووكی مامۆستای زانكۆ :

لەگەڵ هەموو ئەو كەم و كورییەی كە هەیە وەك نەبوونی چەكی قورس، پێشمەرگە رۆڵێكی سەرەكی و بەتوانای لەو جەنگەی ئێستا بینیوە، پێشمەرگە ئەو هەموو شەڕەی بە سەركەوتوویی كرد، دەتوانین بڵێین: ناوچەدابڕاوەكانیشی كۆنترۆڵ كردەوە، ئەو شوێنانەش كە لە لایەن تیرۆریستانەوە وەك مەخموور و گوێر داگیركرابوون، رزگاری كردنەوە. پێویستە لەمەودوا حكومەتی هەرێم چاوێك بخشێنێ بە هێزی پێشمەرگەدا و دەبێ هەوڵبدات كە هێزی پێشمەرگە بكرێتە هێزێكی نەتەوەیی و نیشتمانی، هەروەها پێشمەرگە دەبێت توانای تەواوی هەبێ، چونكە پێشمەرگە خاڵی هەرە سەرەكیی و بەهێزی كوردستانە، ئەگەر زانكۆ هەبێ، قوتابخانە هەبێ، كۆمپانیا هەبێ، هیچیان بەبێ پێشمەرگە نابن، چونكە ئەگەر دوژمن وڵاتی داگیركرد، ئەوانە هیچ بەهایەكیان نامێنێ، كەواتە پێشمەرگە لێرەدا سنوور دەپارێزێ و لە زۆربەی وڵاتانیش بەشی زۆری بودجەی وڵات بۆ هێزی سەربازی تەرخان دەكرێ تاوەكوو وڵاتەكەیان پارێزراو بێ.




# هاووڵاتییەکی ئەمریکی ناوی پێشمەرگە لەسەر قۆڵی تاتۆ دەکات

براندۆن ماکینگ، دەڵێت: «بۆ ماوەی ساڵێك لە کوردستان ژیاوم، ئێستاش کە ئەو وڵاتەم جێهێشتووە، هەر دڵم لەلایەتی، وڵاتێکی خۆش و دڵگیرە، هەستم بە ئارامی دەکرد، لەو کاتەی زانیم پێشمەرگەی کوردستان دژی دوژمن شەڕ دەکەن، بۆیە منیش تاتۆی ناوی پێشمەرگەم لەسەر قۆڵم داناوە و کاتێك خەڵك پێم دەڵێن: ئەوە مانای چییە؟ منیش بە شانازییەوە پێیان دەڵێم: ئەوە ناوی پێشمەرگەی بەهێزی کوردستانە.




# کوردانی هەندەرانیش پاڵپشتی پێشمەرگەن

وەك وەفایەك بۆ شەهیدانی ئەو دواییەی قوربانییانی شنگال و خەڵکی بێتاوانی کوردستان، لە وڵاتی بەریتانیا نمایشێکی تایبەت ئەنجام درا، کە تیایدا باسی لە کوشتن و بڕینی کورد دەکرد، تا خەڵکی ئەو وڵاتەش لە نەهامەتییانە تێبگەن. لەلایەکی دیکەوە کوردانی نیشتەجێی ئەمریکا لە بەردەم کۆشکی سپی گردبوونەوەیەکیان سازکردو تیایدا ئیدانەی هێرشەکانی دوژمنانی کوردستانیان کرد و پشتیوانیی خۆشیان بۆ هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. لە گردبوونەوەکەدا کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بەردەم کۆشکی سپی، هاوخەمیی خۆیان بۆ هاووڵاتیانی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك دەربڕی و داوایان لە بەرپرسانی کۆشکی سپی کرد، هاوکاریی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە جەنگی دژ بە تیرۆر بکەن.



## خەڵک چێشتخانەکانیان بۆ پێشمەرگە تەرخان دەکەن

دانیشتووانی شــارۆکچکەی کەلەك (خەبات)، ڕۆژانە بڕێکی زۆر خواردن دروست دەکەن و بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی دەنێرن، تــا ئەوانیش نۆشــی گیانیان بکەن و هێــزی زیاتر وەربگرن، بۆ ئــەوەی دوژمنانی ئەم خاکە کە بــە نیازی داگیرکاری و ماڵوێرانکردنی کوردانن، ڕابماڵن. هەست و سۆزی خەڵکی ئەو شارۆچکەیە بۆ پێشــمەرگە، بە جۆرێك لە جۆش و خرۆشدایە کە لە هەموو لایەکەوە دەیانەوێ خزمەت بە پێشــمەرگە بکەن، چونکە هەر ئەوانن کوردستان دەپارێزن و خزمەتی سەقامگیری و ئاسایش وڵات دەکەن.

## وا هاتن پێشمە رگێت مە شال و شەپک ل بەژناوان

هونەرمەندی خۆشەویستی پێشــمەرگە (شڤان پەروەر)، ساڵانێکە بە دەنگە زوڵاڵەکەی هانی پێشمەرگەی داوە و بەردەوام خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو هێزە ڕەسەنە و خاکی کوردســتان دەربڕیوە. ســەردانی بەرەکانی سەرنگەری پێشــمەرگەکانی کوردســتانی کرد و هیوای خۆشی و ســەلامەتی بۆ خواســتن و گۆرانیشی بۆ چڕین. شڤان پــەروەر جارێکی دی خۆشەویســتی و ڕێزی خۆی بۆ پێشمەرگە دووپات کردەوە.



# ئافرەتانی پێشمەرگە پەیامی خۆیان هەیە



لە میحوەری مەخموور چوار
ئافرەتی پێشمەرگە بە جلی سەربازییەوە لە بەرەکانی جەنگدا بوون، ئەوان لە کاتی ئازادکردنی مەخموور ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە بەرزکردنەوەی ورەی دایکانی پێشمەرگە و هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی بەشداری ئەو شەڕە بکەن و بە مایك و سەماعەی گەورە، داوایان لە خەڵکی ئەو ناوچەیە کردووە کە دان بە خۆیاندا بگرن و بەشداری ئەو جەنگە بکەن و لە نێوان بازگەکانیش هاوکار بوون بۆ گواستنەوەی کەل و پەل و پێداویستی بۆ پێشمەرگە.

(حسیبە محەمەد) یەکێکە لەو ئافرەتانە و بۆ گوڵان دەڵێت: لە پێناوی کوردبوون ئامادەم گیانی خۆم فیدای کوردستان بکەم، وەکو ئافرەتێکی کورد و وەك پێشمەرگەیەکیش بە پێویستی دەزانم لە هەموو میحوەرەکانی شەڕدا بەشداری بکەم، بەشداریشم کردووە لە هەمان میحوەر کە کەسوکاری من تێیدا بەشداربوون. هەستی نەتەوەییم ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانم هەتا شان بە شانی ئەوان دژی هێزێك بووەستمەوە کە هەڕەشەیە لە سەر خاك و شەرەفی هەمووومان».

مامۆستا (ناهیدە) یەکێکیترە لەو کۆمەڵە ئافرەتە پێشمەرگانە و ئەویش بە حیماسەتەوە دەڵێت: «ئێمە کۆمەڵێك ئافرەتی پێشمەرگە بووین کە لە بەرەکانی جەنگ و لە ناو دیبەگەش بە مایکرۆفۆن و سەماعە هانی ئەو ژن و دایکانەمان دەدا کە کوڕ و کەسوکاریان لە جەنگ بوون، بۆ ئەوەی خۆڕاگر بن و ورەیان بەرزبێت، داواشمان لە ئافرەتانی ئەو ناوچەیە کرد کە هاوسەر و کوڕ و باوك و برایان هان بدەن بچنە بەرەکانی جەنگ و بیر لە بەجێهێشتی زێدی باب و باپیرانیان نەکەنەوە».

مامۆستا (عالیە)ش کە یەکێکە لەو ئافرەتە پێشمەرگانە، ئاماژە بەوە دەکات کە «ژنان و ئافرەتانی کورد لە بەرخودان و داستانەکانی پێشووتری خەبات ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە و ئەمجارەش بە هەمان شێوە و بە هەمان هەست، هاوکار و هاوشانی پێشمەرگەن و بە ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان هەستاون و جێپەنجەی هەموو دایکانی کوردیش لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان کە بەرگری لە خاکی خۆیان دەکەن، بە دیار کەوتەوە.





# پێشمەرگە خاک و ژینگەی کوردستانی خۆشدەوێ

پێشـــمەرگە ئەو هێزە قارەمانەیە کە توانی بەرەنگاری دوژمنی کوردستان ببێتەوە و تووشی شکستیان بکاتە. پێشمەرگە هەڵگری کۆمەلێك تایبەتمەندییە و جگە لە پاراستنی وڵات، بایەخ بە ژینگەپارێزی دەدات. ئەوەتا کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی دەروونپاك و هەست بەرز، زەوی و خاکی کوردستان پاك دەکەنەوە، ئەوەش وەك هەستێکی خۆڕسك و لە دڵەوە ئەو کارە دەکەن، نموونەتان هەر زۆر بێ و ئێوە ڕۆڵەی بەئەمەکی گەلن.




# کوردان لە کرواتیا سڵاو لە کوردستان و پێشمەرگە دەکەن





کۆمەڵێك گەنج و لاوی کوردستان لە فیستیڤاڵی ساڵانەی گەلان لە وڵاتی کرواتیا بەشدارییان کرد، کە تیایدا کوردیش داوەتی ئەو فیتسڤاڵە کرابوو. ئەو فیتسڤاڵە ئامانجی گۆڕینەوەی کەلتوور و زانیاری نێوان گەلانە و ئەمساڵیش (٤٨)ـەمین جارە کە بەڕێوەدەچێت و گەنجانی کوردیش بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و جلی کوردییەوە بەشدارییان تێداکرد، ئەوان کە لە هەر چوارپارچەی کوردستانەوە هاتبوون، هاوشێوەی پێشمەرگە قارەمانەکان بە هێمای ئاشتی کوردستانیان بە گەلانی جیهان ناساند، هەر لەو وڵاتەوەش سڵاو و ڕێزی خۆیان بۆ پێشمەرگە نارد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواستن، ئاڵای کوردستانیش لە نێوان ئاڵای وڵاتانی جیهاندا دەشەکایەوە و ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکەش بە گەرمی پێشوازییان لەو هەستەی کوردان کرد.




# شۆفیران ڕێز لە کەسوکاری پێشمەرگە دەگرن




ئەگەر پێشمەرگە ئێستا لە سنوورەکانن و پارێزگاری لە خاکی کوردستان دەکەن، ئەوا لە ناوخۆی کوردستان کەسانێکی ماندوونەناس وەك ئەرکێکی نیشتمانی هەستاون بە کاری پێشمەرگەئاسا و هاریکاری خانەوادەو کەسوکاری پێشمەرگەکان دەکەن. ڕەنگە هەندێ شێوازی هاوکاری و هاوخەمی خەڵك لەلامان نامۆ و سەیر بێت، چونکە لە هەموو بوارێکەوە هەوڵ دەدەن خزمەت بکەن. ئەوەتا پاسێکی هێڵی ٤٠ مەتری لە ڕێگەی پۆستەرێکەوە بە خەڵك دەڵێت: «کەسوکاری پێشمەرگە کەسوکاری ئێمەن و دەبێت هاوکارییان بکەین». ئەو پاسە بەبێ بەرامبەرە بۆ گواستنەوەی کەسوکار و دایك و باوکانی پێشمەرگە، ئەوەش جۆرێکە لە پیشاندانی گەورەترین هاوسۆزی و ڕۆحی هاوکاری کە دەکرێ هەر کەسێك هەڵوێستی هاوشێوە بنوێنێت.

# گەنجان ناخیان پڕە لە هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە

چەندین گەنجی خوێنگەرمی شاری کۆیە، کە ناخیان پڕاوپڕە لە هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە، لە بەر ئەوەی توانایان نەبووە لە لایەنەکانیترەوە هاوکاری پێشمەرگە و ئاوارەکان بکەن، وەك تیمێك کاری پێڵاو بۆیەکردن دەکەن و داهاتی ئەو کارەیان لە سندوقێك دادەنێن بە ناوی سندوقی هاوکاری، ئەوان لە بری ئەوەی بیر لە بژێوی ژیانیان بکەنەوە، ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەو ئەو ئاوارانەیان بەلاوە گرنگترەو داوا لە هاوڵاتیان دەکەن کە پێڵاوەکانیان لای ئەوان بۆیە بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن خزمەتی ئاوارەو پێشمەرگەکانی سەنگەر بکەن. هیواداریشن لە ئاستی بەرزتر و هەر یەکەو بە پێی توانای خۆی وەك پێشمەرگەیەك هەست بە ئەرکی پاراستنی وڵات بکەن.

# لە سایەی پێشمەرگەدا شەوانی کوردستان ئارامە

لە سایەی هێز و بازوو و توانای پێشمەرگەدا، شەوانی کوردستان ئارامە و خەڵکیش هەر یەکەو بۆ پێویستی خۆی روو دەکاتە مۆڵ و مارکێتە گەورەکانی شار، گەڕان و پیاسەی ناو پارکەکانیش بەردەوامە و گەنجانیش شەوانی خۆیان لە بازاڕەکاندا بە پیاسە و قسەی خۆش بەڕێ دەکەن، ئەوەش لە سایەی ئەو ئەمن و ئاسایشەیە کە پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگدا بەرپایان کردووە و خەڵکیش لە شارەکانی کوردستاندا بە ئارامی و خۆشی دەخەون و سەر و ماڵیشیان پارێزراوە.

